مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# دور أنشطة الجاليات الثقافية للشتات الكردى الجنوبى فى تعريف الكرد فى أوروبا ١٩٧٥-١٩٩١

**هواري جهانكير كمال**

hawire.j@gmail.com

**جامعة سوران/ كلية الآداب - قسم الدراسات الاستراتيجية التاريخية والثقافية والأثرية.**

**الأستاذ الدكتور فاخر عالي أبا بكر**

fakhir.mirkhan@soran.edu.iq

**جامعة سوران / كلية الآداب - قسم الدراسات الاستراتيجية التاريخية والثقافية والأثرية**

**الكلمات المفتاحية**: الدياسبورا، تظاهرة، أوروبا، الأكراد الجنوبية، الحزب البعث .

**كيفية اقتباس البحث**

كمال , هواري جهانكير , أبا بكر , فاخر عالي , دور أنشطة الجاليات الثقافية للشتات الكردى الجنوبى فى تعريف الكرد فى أوروبا ١٩٧٥-١٩٩١,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The role of cultural activities of the southern Kurdish diaspora in defining kurds in Europe 1975-1991

**Hawari Jahangir Kamal**

hawire.j@gmail.com

**Soran University /Faculty of Arts - Department of Historical, Cultural, and Archaeological Strategic Studies**

**Professor Dr. Fakher Eali Abakar**

fakhir.mirkhan@soran.edu.iq

**Soran University /Faculty of Arts - Department of Historical, Cultural, and Archaeological Strategic Studies**

**Keywords** : diaspora, protests, Europe, Southern Kurds, Ba'ath Party

**How To Cite This Article**

Kamal , Hawari Jahangir , Abakar , Fakher Eali , The role of cultural activities of the southern Kurdish diaspora in defining kurds in Europe 1975-1991 ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:

Most of those stateless people who live abroad and in the diaspora, as a social organized community, gather periodically and carry out all kinds of activities. In times of need and national emergency, they convey their demands through demonstrations and civil activities, spreading their political message to countries and raising public awareness in Europe. Southern Kurds of Kurdistan played a clear and visible role in conveying their national message. From the beginning of their migration to Europe, through their work and engagement with life, they introduced their national concern, commitment, and identity to the countries where they settled. They actively and organizedly sought lobbying and support for

the Kurdish issue and introduced Kurdish history and culture to European countries.
This research, titled "The Role of Civic Activities of the Southern Kurdish Diaspora in Introducing the Kurdish Issue in Europe 1975-1991," focuses on the most important work and activities performed by the Southern Kurdish diaspora. It examines all the diverse civil activities aimed at introducing the Kurdish issue and lobbying for Kurdish national rights. The study is structured into three main chapters: first, introducing and explaining the concept of diaspora; second, discussing protests and enlightenment activities carried out by the Southern Kurdish diaspora. The research uses various sources such as documents, memoirs, and records of the Kurdish diaspora and relies on a scientific historical method to arrive at new and specific findings.

الملخص:

لقد كان للكثير من الجمعيات والنشاطات التي ظهرت في مرحلة المنفى والاغتراب والدياسبورا، مثل "كوميونتي" جمعي، أثر كبير على تشكل وصياغة الهويات الجمعية لدى الكورد في المهجر. في وقت كان فيه التشظي والاختلاف صفة بارزة في المجتمع الكردي، ظهرت النشاطات السياسية والمنظمات الحزبية الكردية في بلدان أوروبا كعامل مهم في توحيد الكورد هناك. خصوصا الجيل الكوردي الجديد في أوروبا (كورد المهجر)، إذ كان لهم دور في إيصال رسالة الكوردستانيين إلى الساحة الدولية، وتقديم صورة موحدة وعصرية عن الهوية والقضية الكردية للعالم الأوروبي وصولان إلى بلدان غرب أوروبا، وساهموا كذلك في ترجمة العديد من الوثائق المهمة حول القضية الكردية إلى لغات أوروبية عدة.

معظم النشاطات والجمعيات الكردية التي ظهرت في دول أوروبا، وخاصة في بلدان ديمقراطية مثل بريطانيا، ألمانيا، السويد، والنرويج... جاءت كرد فعل على التحولات الكبيرة التي مرت بها كردستان الجنوبية (إقليم كردستان العراق)، خاصة بعد الانتفاضة الجماهيرية الكردية عام ١٩٩١. كما أن الأزمة الإنسانية التي تلت الانتفاضة وما رافقها من نزوح كردي ضخم إلى أوروبا، دفعت الكثير من العائلات الكردية إلى البحث عن جمعيات ومنظمات توفر لهم الحماية والمساعدة اللوجستية والقانونية والاجتماعية.

ساهمت هذه الجمعيات في تعزيز الوعي القومي والاجتماعي والسياسي بين الكورد، ومع الوقت برزت جيل جديد من الكورد، تربى في أوروبا، لكنه بقي متمسكا بهويته الكردية عبر اللغة والدين والتراث والعادات الاجتماعية. ففي الكثير من الأحيان كانت هذه الجمعيات هي التي تؤدي دور

"الجسر" بين الجالية الكردية الجديدة وبين الدولة الأوروبية المضيفة، ووفرت للجيل الكردي الناشئ أدوات التواصل والانخراط في المجتمع مع الحفاظ على الهوية القومية الكردية.

بالمجمل، يمكن القول إن الدياسبورا الكردية في أوروبا أصبحت تجربة متقدمة من حيث التنظيم الاجتماعي، والوعي القومي والسياسي، بالمقارنة مع تجارب قرب الوطن أو في بلدان أخرى بالشتات

## ڕۆڵی چالاکییه مەدەنییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ناساندنی پرسی کورد لە ئەوروپا

## 1991 – 1975

**هەواری جهانگیر کمال**

**زانكۆی سۆران / فاكەلتی ئاداب– بەشی لێكۆڵینەوە ستراتیژییە مێژووییە كلتوری و شوێنەوارییەكان.**

hawire.j@gmail.com

**پ.ی د. فاخر عالی عبابکر**

**زانكۆی سۆران/ فاكەلتی ئاداب– بەشی لێكۆڵینەوە ستراتیژییە مێژووییە كلتوری و شوێنەوارییەكان.**

fakhir.mirkhan@soran.edu.iq

پوختە:

زۆربەی زۆری ئەو ڕەوتە نەتەوەییانەی کە لە دوورە وڵات و دیاسپۆرادا دەژین، وەکو کۆمیونەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو لە دەوری یەك كۆدەبنەوەو چالاکی هەمەجۆر ئەنجام دەدەن، لە کاتی پێویست و نەهامەتی نەتەوەکەیان، لە ڕێگەی گردبوونەوەو ئەنجامدانی چالاکی مەدەنیانە، سیاسەتی چەوسێنەرانەی حیزبی بەعسیان بە وڵاتان گەیاندووەو ڕای گشتی ئەوروپایان لێ ئاگادارکردۆتەوە. کوردانی باشووری کوردستان لە گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەیان، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە، هەر لەسەرەتایی کۆچکردنیانەوە بۆ ئەوروپا، لە پاڵ کارکردن و سەرقاڵبوونیان بە بژێوی ژیان، نەهامەتی و مەینەتی و پرسی نەتەوەکەیان بەو وڵاتانە ناساندووە کە تێیدا نیشتەجێ ببوون. بەشێوەی چالاکی مەدەنی و ڕێکخراوەیی هەوڵیانداوە لۆبی و پاڵپشتی بۆ پرسی کورد دەستبەر بکەن و مێژوو و کلتووریی کوردیان بە وڵاتانی ئەوروپا ناساندووە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (ڕۆڵی چالاکییە مەدەنییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ناساندنی پرسی کورد لە ئەوروپا 1975 – 1991) تیشک دەخاتە سەر گرنگترین ئەو کار و

چالاکیانەی کە لە لایەن دیاسپۆرای کوردانی باشوورەوە ئەنجامدراون، تاوتوێی هەموو ئەو جموجۆڵ و چالاکییە مەدەنیانە دەکرێت کە بە مەبەستی ناساندنی پرسی کورد و لۆبیکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد ئەنجامدراون. ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، لە دوای ناساندن و شرۆڤەکردنی چەمکی دیاسپۆرا، لە دوو تەوەری جیادا باس لەو خۆپیشاندان و چالاکییە رۆشنبیریانە کراوە کە لە لایەن دیاسپۆرای کوردانی باشوورەوە ئەنجامدراون. بەم شێوەیە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک سەرچاوەی وەك: بەڵگەنامە، بیرەوەری و یاداشتنامەی کوردانی دیاسپۆرا بەکارهێنراون، بە پشتبەستن بە میتۆدی زانستی مێژوویی چەند دەرئەنجامێکی نوێ و تایبەت بە دەستهاتوون.

کلیلی وشەکان: دیاسپۆرا، خۆپیشاندان، ئەوروپا، کوردانی باشوور ، حیزبی بەعس.

پێشەکی:

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥)و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری کوردانی باشوور بۆ ئێران، خەڵکێکی زۆر بیریان لەوە کردەوە کە جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعس، بەم هۆیەوە بەشێوەو ڕێگەی جیاواز ڕوویان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا کرد، لەوێ بوونە پەنابەرو دیاسپۆرای کورد لە ئەوروپا. دیاسپۆرای کوردانی باشوور هەر زوو دەستیانکرد بە خەباتی مەدەنی و ڕۆشنبیری کردووە، لە دژی ڕژێمی بەعس و ناساندنی پرسی کورد بە وڵاتانی ئەوروپی، چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، ئەمەش بۆ پێکهاتەی دیاسپۆرای کوردەکان دەگەڕێتەوە، دیاسپۆرای کورد لە چەندین چین و توێژی وەک: مامۆستا، دکتۆر، نووسەر، شانۆکارو... هتد پێکهاتبوو، بۆیە هەر یەکێک لەمانە لە بواری خۆیدا هەوڵەکانی خۆی خستۆتەگەڕ و پشتگری لە ناساندنی پرسی کورد کردووە. بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەی لە ماوەی ساڵانی (1975 – 1991) بەسەر کوردستاندا هاتبوو، دیاسپۆرای کورد کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ناساندنی پرسی کورد دا هەبووە، بە ئامانجی هەڵوێست دەربڕین فشاریان خستۆتە سەر وڵاتانی ئەوروپا تاکو پاڵپشتی لە گەلی کورد بکەن. لە سۆنگەی ئەم چالاکییانەو نەبوونی هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت بە دیاسپۆرای کوردانی باشوور، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراوەو کاری زانستی لەسەر کراوە.

گرنگی توێژینەوە: وەك ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا، گرنگی توێژینەوەکە بۆ نەبوونی توێژینەوەیەکی تایبەت بە چالاکییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور دەگەڕێتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، چالاکییە مەدەنییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور بخرێنە بەرباس و ڕۆڵیان لە ناساندنی پرسی کورد تاوتوێ بکرێن. بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست و دەرخستنی

راستی زیاتر، چەند پرسیارێك وروژێنراون، لە دیارترین پرسیارەكان: ئایا دیاسپۆرای كوردانی باشوور توانیویانە لە رێگەی چالاكییەكانیان پرسی كورد بوروژێنن؟ چالاكییەكان تا چەند كاریگەرییان لەسەر وڵاتانی ئەوروپی هەبووە؟ چالاكییەكان بۆ مەبەستی بەرژەوەندی خودی و حیزبی ئەنجامدراون یاخود ناساندنی پرسی كورد؟

**گیروگرفت و بەربەستەكانی بەردەم توێژینەوە:** بابەتی دیاسپۆرا لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بایەخێكی زۆری پێدەدەرێت و لە نێو هەواڵەكانی رۆژدا رووپەرێكی زۆری كەناڵەكانی راگەیاندنیان بۆ تەرخان دەكرێت، وەك ئەوەی كە تێبینی دەكرێت ئەم بایەخدانە لە مێژووی كورد دا بەدی ناكرێت، هەر ئەمەش وایكردووە كەمترین كارنامەی زانستی لەسەر دیاسپۆرای كورد بكرێت، ئەو توێژینەوانەی كە ئەنجامیشدراون لە لایەن نووسەرە بیانی و خۆماڵییەكان زۆربەیان لە روانگەیەكی ئەدەبی و كۆمەڵناسی ئەنجامدراون و پەیوەندییەكی ئەوتۆیان بە مێژووەوە نیە. ئەم هۆكارەو چەند هۆكارێكی دیكەی وەك نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بە دیاسپۆرای كوردانی باشوور یەكێكبووە لە گەورەترین بەربەستەكانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە.

سەرچاوەكانی توێژینەوە: بۆ ئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە چەندین سەرچاوەی وەك: بەڵگەنامە، یاداشت و بیرەوەرییەكانی كوردانی دیاسپۆرا، كتێبی مێژوویی و كۆمەڵناسی نزیك لە بابەتی دیاسپۆرا بەكارهاتوون. لە پاڵ ئەمانیشدا سوود لە ماڵپەڕە ئەلكترۆنییەكان و چاوپێكەوتن سەرچاوەگەلێكی ئەم تووێژینەوەیان پێكهێناوە.

**میتۆدی زانستی:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیكاری مێژوویی بەكارهێنراوە، لە چوارچێوەی ئەو زانیاری و كەرەستانەی كە لەبەردەستدا بووە، شرۆڤەو شیكارییەكی بابەتیانە بۆ رۆڵ و چالاكی دیاسپۆرای كوردانی باشوور كراوە.

پێكهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەكی پێكهاتووە، لە تەوەری یەكەمدا، چەمكی دیاسپۆرا وەک چەمكێكی نوێی نێو فەرهەنگی زمانەوانی و مێژووی نوێی كورد ناساندنی بۆكراوە. لە تەوەرەی دووەمدا، باس لەو خۆپیشاندان و گردبوونەوانە كراوە كە لە لایەن دیاسپۆرای كوردانی باشوورەوە ئەنجامدراون. هەروەها لە تەوەرەی سێیەمیشدا باس لەو چالاكییە رۆشنبیری و كلتوورییانە كراوە كە بۆ مەبەستی هۆشیاركردنەوەی كوردانی ئەوروپا لە لایەن كەسایەتییەكانەوە رێكخراون. بەم شێوەیە لە چوارچێوەی ئەم تەوەرانەدا چەند دەرئەنجامێكی نوێ و پەیوەست بە دیاسپۆرای كوردانی باشوور لە ئەوروپا بە دەستهاتوون و لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان بۆكراوە.

تەوەرەی یەكەم: دەروازەیەكی گشتی و ناساندنی چەمكی دیاسپۆرا.

دروستبوون و هاتنە ئارای چەمک و وشەی نوێ پەیوەستە بە دیاردەکانی ڕۆژگارەوە، بەم هۆیەوە ئەو چەمک و زاراوانەی کە لە مێژوودا دروستبوونە تێکەڵ بە فەرهەنگەکانی زمان بوونەو بوونەتە زادەی دیاردەیەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی یان هەر کایەکی دیکەی ژیان. لەگەڵ دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئەو جۆرە چەمك و وشانە کۆمەڵێک لە بیرمەند و نووسەرە دیارەکانی جیهان بۆچوون و ناساندنی خۆیان دەربارەی ئەم چەمکانە خستۆتڕوو، چەمکی دیاسپۆراش وەك چەمکێکی نوێ لەم دوو سەدەی کۆتایی تێکەڵ بە فەرهەنگ و مێژووی گەلانی جیهان بووە، بۆ دەرخستنی ڕیشەو ناساندنی کرۆکی چەمکەکە، لەم بەراییە کورتەدا ناساندنێکی گشتی بۆ چەمکی دیاسپۆرا دەکەین.

لەڕووی زمانەوانییەوە بنچینەی چەمکی دیاسپۆرا بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە، دیاسپۆرا لە وشەی diaspeireinی یۆنانی وەرگیراوە، ئەم وشەیە لە هەردوو برگەی"dia"و "sperirein" پێکدێت، برگەی یەکەمیان بە مانای (سەر یان لە ڕێگەی) دێت، ئەوەی دووەمیشیان بە مانای (پەرتەوازە بوو) دێت، وشەکە لە ڕەگی پرۆتۆ– هیندۆ– ئەوروپیەوە دروستبووە، لە ڕۆژگاری ئێستاماندا دەتوانرێت لە وشە ئینگلیزییەکانی وەک: “spore” “sperm” “spread” and “dispere” وەربگیرێت، ئەم وشانە بە مانای بڵاوبوونەوەو (پەرتەوازە) بوو دەگەینێت. لە هەموو بەکارهێنانە جۆر بە جۆرەکاندا دیاسپۆرا پەیوەندی بە پەرتەوازەیی و بڵاوبوونەوە هەیە.(Kenny, 2013, 5 .

هەر لەو ڕوانگەیەوە مانای بڵاوبوونەوەو پەرتەوازەیی بۆ وشەی (diaspora) یۆنانی بەکارهێنراوە. ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە یۆنانی کۆن بەکارهاتووە، لە داوی جەنگی پێلیپۆلیس، بۆ دەربەدەری و پەراگەندەیی دانیشتوانی ناوچەی ئیجە بەکارهێنراوە. هەروەها لە زمانی عیبریشدا وشەی (گالوت) بۆ دەربەدەری جولەکەکان لەسەردەمی بابلییەکان بەکارهێنراوە (munz & , 2003, 3)، ئەم چەمکە لە سەرەتادا بۆ دامەزراندنی کۆلۆنییەکانی جولەکەکانی دەرەوەی فەلەستین بەکارهێنراوە، بۆیە دوای دەربەدەر بوونیان واتایەکی گشتگیرتر بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە کە دوور لە زێدی باو باپیرانیان نیشتەجێ بوونە (anteby_yemini & berthomiere, 2005, 262).

بەهۆی فراوانبوونی دیاردەی کۆچ و چالاکبوونی کۆچبەرەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ(IOM) بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی دیاسپۆرا دەکات و دەڵێت: "دیاسپۆرا کەسانێکن یان دانیشتوانی نەتەوەیی ناوچەیەکن و بە هۆکارێك زێدی ڕەسەنی خۆیان بەجێ دەهێڵن و لە بەشەکانی دیکەی جیهان بڵاوبوونەتەوە." https://www.iom.int/diaspora . لە فەرهەنگی زمانەوانی زانکۆی کامبریج دا، هاتووەو دەڵێت: "کۆمەڵەکەسانێک کە لەوڵاتی ڕەسەنی خۆیانەوە بۆ وڵاتانی دیکە

کۆچیان کردووه پێیان دەگوترێت دیاسپۆرا. https://dictionary.cambridge.org ، 2025.
هەروەها بەپێی فەرهەنگی زمانەوانی ئینسکلۆپیدیای بەریتانی، بەو کۆمەڵە کەسانە دەگوترێ دیاسپۆرا کە لە دەرەوەی ناوچەی خۆیان بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا دەژین. https://www.britannica.com/dictionary/diaspora هەر لەو بارەیەوە فەرهەنگی زمانەوانی زانکۆی ئۆکسفۆرد بەم جۆرە ناساندن بۆ چەمکی دیاسپۆرا کردووەو تێیدا هاتووە: "دانیشتوانێکی مرۆیی کە لە دەرەوەی خاکی خۆیان پەرش و بڵاو بوونەتەوەو بە خاڵێکی هاوبەش بەیەکەوە گرێدراون". بۆیە ئەم چەمك و زاراوەیە ئاماژەیەکە بۆ ئەو گرووپە ئیتنۆ – نەتەوەیی و ئایینیانەی کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیاندا دەژین، بۆ نموونە: دیاسپۆرای ئێرلەندی یان سیخەکان .https://www.oxfordreference.com/

چەمکی دیاسپۆرا وەک چەمکێکی نوێی پەرەسەندوو، لەنێو فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا تەواو تازەیە لە نێو ڕاگەیاندنەکان و میدیای کوردییدا هەواڵ و بەرنامەی تایبەتی لەبارەیەوە دەکرێت، بۆیە ئەم چەمکە ڕۆژانە بەرگوێ دەکەوێت و کوردانی دەرەوەو ناوخۆی کوردستان ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمکەکە پەیدا کردووە، نووسەر و ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنووسانی کورد ڕۆڵێکی گرنگ لە ناساندنی چەمك و چالاکییەکانی دیاسپۆرا دەگێڕن و چەمکە نوێیەکانی وەك دیاسپۆرا و هاوشێوەکانی تێکەڵ بە زمان و فەرهەنگەکانی زمانی کوردی دەکەن (mustafa 2021, 80) بەشێوەیەکی گشتی هەموو فەرهەنگە زمانەوانییەکان بیروبۆچوون و لێکدانەوەیان سەبارەت بە چەمکی دیاسپۆرا لە یەکترەوە نزیکە، بەشێوەیەك لە شێوەکان هەموویان تیشک دەخەنە سەر ئاوارەیی و دەربەدەر بوون و دوورکەوتنەوە لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان، هەر کەسێک وڵات و زێدی خۆی جێهێشتبێت ئینجا بە ئارەزوو بووبێت یاخود زۆرەملێی فشاری سیاسی، ئەو کەسەی کۆچی کردووە بە دیاسپۆرا لە قەڵەم دەدرێت.

هەر لەو بارەیەوە نووسەرێکی بواری دیاسپۆرا، پێناسەیەکی سادەی بۆ چەمکی دیاسپۆرا پێشنیار کردووەو دەڵێت:"دیاسپۆرا مۆدێرنەکان ئەوانەن کە لە گرووپی کەمینە نەتەوەییەکان پێکهاتوون، وەکو کۆچبەر لە وڵاتی دووەم نیشتەجێن و کاردەکەن، ئەم کۆچبەرانە هەست و پەیوەندییەکانی ماددی و کۆمەڵایەتییەکانیان، لەگەڵ وڵات و نیشتمانی خۆیان دەپارێزن). نووسەرێکی دیکە بیروڕاو شیکردنەوەیەکی جیاوازی بۆ چەمکی دیاسپۆرا هەیە، لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەو کەمە نەتەوایەتییە کە لە ژینگەیەکی شارستانی و قەرەباڵغی بێ ئیمتیازی دەرەوەی وڵاتدا دەژین پێیان دەگوترێت دیاسپۆرا. لەو بارەیەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەکی وەك: کوبی و مەکسیکیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاکستانیەکان لە بەریتانیا، مەغریبییەکان لە فەرەنسا، تورکەکان

له ئەڵمانیا، کەمینەکانی یۆنانی و پۆڵەندی و عەرەبە فەڵەستینییەکان، ڕەش پێستەکان لە ئەمریکای باکوورو کاریبی، هیندی و ئەرمەنییەکان لە وڵاتە جیاوازەکان، کۆرسیکەکان لە مارسیلیا و تەنانەت بەلجیکییە فلاندەرزییەکان دەکات (safran, 1991, 83).

لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەی سەرەوەدا دەکرێ بگوترێ چەمکی دیاسپۆرا چەند ڕەهەندێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. بۆیە چەمکی دیاسپۆرا بە یەکێک لە چەمکە ئاڵۆز و پڕ ڕەهەندکانی بیروباوەڕە کەلتووری، سیاسی و ئابوورییەکان دادەنرێت. ئەوەی تاوەکو ئێستا کۆدەنگی لەسەرە، دیاسپۆرا بە وشەیەکی یۆنانی کۆن دادەنرێت، لە سەردەمی نوێدا بەو گروپ و خەڵکانە دەوترێت کە لەدەرەوەی نیشتمانی خۆیاندا دەژین و لە چوارچێوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا گرنگی بە پاراستن و زیندووی هێشتنەوەی کولتوور و دابونەریتی خۆیان دەدەن و لە هەوڵی ناساندنی کلتور و لۆبیکردنی سیاسەت و دەسەڵاتی حکوومەتی وڵاتەکەیاندان کە ئینتیمای سیاسی و نەتەوەییان بۆ نیشتیمانی دایك هەیە. (ئەبوبەکر، ٢٠٢٣، ٣٠).

نووسەر و شارەزایەکی دیکەی بواری دیاسپۆرا و مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی لینشوپینگی سوید، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ دەنگی کوردی ڕادیۆی ئەمریکا سەبارەت بە دیاسپۆرا دەڵێت: "دیاسپۆرا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتوەو مێژوویەکیان لە بڵاوبونەوەدا هەیە، ئینجا لە ژێر زەبروزەنگدا بووبێت یان بە دڵخوازی خۆیان نیشتمانیان بەجێ هێشتبێت، هەندێ پەیوەندی و هاوسۆزی دەروونی لەگەڵ وڵاتەکانیاندا هێشتوتەوە، لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین پابەندی پاراستنی ناسنامەکەیانن، (دیلان, ٢٠١٢). هەروەها لە ناساندنێکی دیکەی چەمکەکەدا، دیاسپۆرای بەوە بەستوتەوە کە مێژوو، نەتەوە، کولتوور و ئاینێکی تەواو جیاوازیان هەیەو لە خانە خوێی وڵاتی دووەمدا دەژین (هەورامان توفیق، ٢٠٢٤، ٧). لە مێژووی هاوچەرخ و ئێستادا چەمکی دیاسپۆرا مانایەکی فراوانتری وەرگرتووە، زۆر جار وەکو کورتکراوە بۆ ئەو گروپانە بەکاردێت کە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بەدروستکردنی گرووپ و پەیوەندی بەهێز لەگەڵ یەکتر و نیشتمانی ڕەسەن دەپارێزن (Adamson, 2016, 292).

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێت زاراوەو چەمکی دیاسپۆرا پێناسەیەکی جێگیر و یەکلاکەرەوەی نیە، باوترین پێناسە کە نووسەران و زانایانی ئەو بوارە بەکاری دەهێنن ئەوەیە کە دەڵێت: "گەلێک کە بنەچەیەکی هاوبەشیان هەیەو کەم تا زۆر لەسەر بنەمای هەمیشەیی لە دەرەوەی سنووری زێدی نەتەوەیی یان ئایینی لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان نیشتەجێن" (shain & Barth, 2003, 452).

**تەوەرەی دووەم: خۆپیشاندان و گردبوونەوەکان**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دوای ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە بەهۆی نسکۆی ساڵی (1975) بەسەر بزووتنەوی ڕزگاریخوازی کورد و باشووری کوردستاندا هات، جگە لە قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکییەك، گەلی کوردستان ڕووبەڕووی سیاسەتی جینۆسایدکردن و ڕاگواستنی زۆرەملێ بووەوە، بۆ بڵاونەبوونەوەی ئەم جۆرە سیاسەتەی کاربەدەستانی عێراق، دەنگی کوردان کپ دەکراو بەهەموو شێوەیەك ڕێگریان لێ دەکرا، بەم هۆیەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، درکی بە گرنگی و پێویست بوونی کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنییانە کردووە، بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانەش پەنای بۆ ڕێکخستنەکانی کورد لە ئەوروپا بردووە، گۆڕەپانی وڵاتانی ئەوروپای کردە سەکۆی ڕادەبڕین و نەهامەتییەکانی گەلی کوردیان بە حکومەت و ڕای گشتی ئەوروپاو جیهان گەیاندووە، لەو چوارچێوەیەدا زۆرێک لە سەرکردە کوردەکان و ئەندامانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، بە هۆی پێگەی بڕیاری سیاسی و کاریگەریان لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان، پەنایان بۆ هەندێک لە وڵاتی ئەوروپا (حسین، ٢٠١٨، ١٠١).

دوای کۆچکردن و نیشتەجێ بوونی ژمارەیەکی زۆری کوردانی باشوور لە ئەوروپا، دەستیان بە چالاکی مەدەنیانە کردووە، لە بەرانبەر سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی دەسەڵاتدارانی عێراق و هەڵمەتی پاکتاوکردنی کوردە فەیلییەکان، چالاکیان ئەنجامداوە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، نارەزایی خۆیان لە دژی حکومەتی عێراق و سیاسەتەکانی دەربڕیوە، پرۆتستۆی کارەکانی ڕژێمیان کردووە، لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێکیان پێشکێش بە ڕای گشتی ئەوروپا کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە ١٩ نیسانی ساڵی ١٩٨٠ دوو خۆپیشاندانی دیکە لە هەردوو شاری (لەندەن)ی بەریتانیا و (بۆن)ی ئەڵمانیا بەڕێوەچووە، لە ٢٦ نیسانی ١٩٨٠ کۆمەڵێک قوتابی لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراقی لە ستوکهۆڵم دژی سیاسەتەکانی بەغداد و ڕاگواستنی کوردانی فەیلی خۆپیشاندانی بەرفراوانیان ئەنجامداوە. ئەم خۆپیشاندانانە ترسی لە لای کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس دروستکردوە، بەشێک لەو قوتابیانەی کە لە ڕێگەی زەمالەی خوێندن لەلایەن حکومەتەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکران، چاودێرییەکی چڕیان خرایە سەر و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردن (حەسەن ٢٠١٥, ١٠٦). بۆ زیاتر پرۆتستۆکردنی سیاسەتی شۆڤینیانەی کاربەدەستانی عێراق، دیاسپۆرای کوردانی باشوور لەناو جەرگەی شارە گەورەکانی ئەوروپا، لە ڕۆژانی ٢١ تا ٢٤ نیسانی ١٩٨٢، لە ناوەڕاستی شاری بۆنی پایتەختی ئەوکاتەی ئەڵمانیا، کوردانی دیاسپۆرای ئەم شارە خۆپیشاندان و مانگرتنیان لە دژی سیاسەتی فاشیستانەی ڕژێمی عێراق ڕاگەیاندووە، لەم چالاکییەدا یاداشتنامەی نارەزایەتیان داوەتە باڵیۆزخانەی عێراق، بەچەندین زمانی جیاوز دروشمی نارەزایەتی بەرزکردۆتەوە، چەندین ڕێکخراوی مرۆیی بیانی و باڵیۆزخانەی وڵاتان لەم شارە

پشتگیری خۆیان بۆ ئەم چالاکییە ناردووەو ڕۆژانە سەردانی مانگرتووانیان کردووە، بۆیە ئەم خۆپیشاندانانە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان بەداوی خۆیدا هێناوە، کاربەدەستانی باڵیۆزخانەی عێراق چەندین هەڕەشەیان ئاراستەی چالاکوانانی کورد کردووە، وێنەیان گرتوون و زانیارییان لەسەر کۆکردوونەتەوە، بە بەکارهێنانی چەک هەڕەشەیان لە خۆپیشاندەران کردووە (باسیرە، ٢٠٢٢، ١٦٧). کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر چالاکوانانی کورد، مەترسیەکی گەورەی لەسەر ژیانی چالاکوانان و کەس و کاریان لە ناوەوەی وڵات دروستکردووە، بۆیە بارودۆخی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەوپەڕی هەستیاریدا بوو، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کوردانی دیاسپۆرا، خێزان و خزم و کەسیان لە ژێر حوکمڕانی بەعسدا دەژیان، بەهۆی ئەنجامدانی چالاکییەوە مەترسی بۆ خێزانەکانیان دروستکردووە، ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی جاسوس و سیخوڕەکانییەوە زانیاریی تەواوی لەسەر چالاکوانەکانی دیاسپۆرا کۆکردبووەوە. (عەلائەدین، ٢٠٠٧، ٤). یەکێك لە نووسەرە کوردەکانی دیاسپۆرا، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: "هەرسێ مانگ دوای کارەساتەکەی شاری بۆن، ڕژێمی بەعس لە هەوڵی ئەوەدابوون تۆڵە لەو کەسانە بکاتەوە کە بەشداری ئەم چالاکییەیان کردبوو، سەفارەتی عێراقی لە بەرلینی ڕۆژهەڵات بە ڕێگای دوو سیخووڕی بەعس، کە کارمەندی سەفارەتی عێراقی و هەڵگری ناسنامەی دیپلۆماسی بوون لە ڕێگای کوردێکەوە کە ئەندامی کۆنگرەکەمان بوو، کە بڕیار بوو لە بەرلین ئەنجام بدرێت، نەخشەی تەقاندنەوەی کۆنگرەکەیان کێشابوو، بڕیار وابوو لە ڕێگای ئەم کوردەوە، بۆمبێکی تەوقیتکراو بنێرنە ناو هۆڵی کۆنفرانسەکە و بیتەقێننەوە (باسیرە ٢٠٢٢, ١٧٩).

لە دوای کیمیا بارانی هەڵەبجە و گواستنەوەی بەشێکی بریندارانی ئەم کارەساتە بۆ بەریتانیا، کوردانی دیاسپۆرا بڕیاریان لەڕێگای خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی کردۆتەوە بۆ ناساندنی تاوانی هەڵەبجە، بەشێک لە هاوڵاتیانی بیانی، دیاسپۆرای کوردیان ئاگادار کردۆتەوە کە پێویستە شێوازی خەباتی خۆیان بگۆڕن و هەوڵ بدەن لە ڕێگای گردبوونەوەو خۆپێشاندان و فشار خستنە سەر وڵاتان دەنگی کورد بە جیهان بگەیەنن(گۆڤاری گولان،٢٠٠١، ٣٣٥)، بۆ ناساندنی پرسی کورد لە جیهان و بە تایبەت لە ئەورپا، هاوشێوەی هۆلۆکۆستی جوولەکە و کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان کاری زیاتری لەسەر بکەن.

هەر سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە، خەڵکێکی زۆر پەنایان بۆ وڵاتانی تورکیا و ئێران بردبوو، بەم هۆیەوە بارودۆخی پەنابەرانی کورد نالەبار بوو، دامودەزگا نێو دەوڵەتییەکان و پەیوەست بە کاروباری پەنابەران، کاردانەوەی ڕاستەوخۆیان نەبووە، لە بەرانبەردا دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە وڵاتانی ئەورپا، لە چەندین شوێن خۆپیشاندانی ناڕەزایەتییان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دەربڕی و دەستیان بەسەر دامودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان داگرت، نزیکەی پەنجا چالاکوان، لە ناوەڕاستی شاری لەندەن دەستیان بەسەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان داگرت و داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، تواناکانی خۆی بەکار بهێنێت و ڕێ لە وەستاندنی جینۆسایدکردنی گەلی کورد و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بگرێت (نێروەیی ٢٠٢٢, ٢٠٠).

چالاکیەکانی کوردانی دیاسپۆرا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە وڵاتانی ئەوروپا دروستکردووە، لە مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئیتالیا هەواڵی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەو خۆپیشاندان و پرۆتستۆی لاوانی کوردیان لە بەردەم نووسینگەی هێڵی ئاسمانی عێراقی بڵاوکردۆتەوە، لەم نارەزاییەتی دەربڕینەدا جگە لە نەتەوەیی کورد، هیچ عێراقییەک بەشداریی ئەم خۆپیشاندانەی نەکردووە. بەشداری نەکردنی هیچ عێراقییەك دەکرێ بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە، یەکێک لە هۆکارەکان عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات، لەگەڵ ئەو کارە نامرۆڤانەیەی حیزبی بەعس هاوهەڵوێست بوونە. هۆکاری دووەمیشیان دەکرێ لەبەر ترسی دەزگا سیخوریەکانی عێراق نەیانوێراوە بەشداری ئەم خۆپیشاندانە بکەن. ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو کۆمەڵێ سیخوڕی باڵیۆزخانەی عێراق ویستبوویان شەڕ بە خۆپیشاندەران بفرۆشن، بەڵام پۆلیسی ئیتاڵی ڕێگای لەم کارەو پشێوی نانەوە نەداوە (مامۆستای کورد، ژ٨، ١٩٨٩، ل٤٩).

لەم بارودۆخە ناخۆش و دژوارەدا، هیچ دەوڵەتێک لەو دەوڵەتانەی کە بەناو مافی مرۆڤەوە قسەدەکەن، بەشێوەیەکی فەرمی ئامادە نەبوون تاوانەکانی ڕژێمی عێراق پرۆتستۆ بکەن و ڕێگری لە کارە قێزەونەکانی ڕژێمی بەعس بکەن، هەرچەندە هەندێك لە ڕێکخراوەکان و لایەنی نافەرمی تاوانەکانی ڕژێمی بەعسیان شەرمەزار کردووە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەتۆی لەسەر سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس نەبووە. ئەم بارودۆخە ئەرکی دیاسپۆرای کوردان بە گشتی و کوردانی باشوور بەتایبەتی سەختکردووە، کوردەکانی هانداوە بەهەموو تواناو هێزی خۆیەوە هەوڵ بدەن تاکو دەنگی کورد بە ناوەندە بڕیاردەرەکانی ئەوروپا بگەینن (احمد، بێ بەروار, ٥٦). ڕۆژی ١٩٩٠/٣/١٧ بە هاوکاریی بەرەی کوردستانی و تەڤگەر خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە دژی دەوڵەتی فاشیستی سەدام حوسێن ڕێکخستوە، کوردێکی زۆر بەشدارییان لەم خۆپیشاندانە کردووە، بەپێی بەڵگەنامەیەک کە دەستمان کەوتووە نزیکەی ١٥٠٠ کورد بەشدارییان لەم چالاکییەدا کردووە، خۆپیشاندەران بە دروشمی بروخێت ڕژێمی بەعس و سەدام چوونەتە بەردەم کونسوڵخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم (گەوهەری ٢٠١٠, ٩٢)، لەم خۆپیشاندانە (بریت ئێریکسۆن) ئەندام پەرلەمانی سوید، وتارێکی پێشکەش کردووە، خۆپیشاندەران ئاڵای عێراقیان لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق سووتاندووە، دواتر چالاکییەکان بە سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب کۆتاییان

بـه خۆپیشـاندان هێنـاوه، بەپێـی ئەو زانیارییـانەی کە لەبەر دەسـتن هەر لەم سـاڵەدا لە زۆربەی شـارەکانی: یۆتۆبۆری، مالمۆ، ئۆپسـالا و چەنـدان شـاری دیکـەی سوید یادی ئەم تـاوانەی کیمیا بارانـەی کـە ڕژێمـی بەعـس دەرهەق بە گەلـی کـورد ئەنجامیـدا کـراوەتەوە (لە بەڵگەنامەکـانی ئینسکلۆپیدیای پ. د. ک - AK-62). لە کاتی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان، پـارتە سیاسییەکان، ڕای گشـتی کوردەکانیـان لە دیاسپۆرادا ڕێکخست، لـە هـەمان کاتـدا دەزگـا ڕاگەیانـدنە جیهانییەکـانیش ڕۆڵێکـی بەرچاویـان لـە ڕومـاڵکردنی ڕاپەڕینـی باشـووری کوردسـتاندا گێڕا، بـە تایبـەتی ئەو دەزگـا ڕاگەیانـدنانەی کـە بـۆ ڕووماڵکردنی جەنگی کەنداو هـاتبوونە نـاوچەکە، بۆیە لـەکاتی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـی باشـووری کوردستان، ئەو دەزگا ڕاگەیانـدنانە ڕاسـتەوخۆ ڕووداوەکـانی ڕاپەڕینیـان گواسـتەوە، ئەمەش دانگـدانەوەیەکی گەورەی لە جیهـان و وڵاتـانی ئەوروپـی دروسـتکرد، دیاسـپۆرای کـوردانی باشـووریش لە ڕێـگەی ئەم ڕاگەیانـدنانەوە هەواڵـی ڕاپەڕینـی باشـووری کوردسـتانیان دەبیسـت، ئەوانیش ڕاستەوخۆ هەوڵیانـدا لەڕێـگەی خۆپیشـاندان و گردبوونـەوەکـانەوە هـاودەنگی خۆیـان ڕاگەیانـدو لـۆبییەکی بەرفراوانیـان بـۆڕاپەڕینی باشـووری کوردسـتان کۆکردۆتـەوە، فشـاریان خسـتۆتە سـەر وڵاتـانی ئەوروپـی تـاکو پاڵپشتی لە پرسی کورد بکەن و لەم بارودۆخە هەستیارەدا پشت لـە مافە ڕەواکانی دۆزی کورد و باشووری کوردستان نەکەن.

یـەکێك لـە ڕووداوە ناخۆشـەکانی ڕۆژانـی ڕاپـەڕین، ڕووداوی کۆڕەو بـوو، کۆڕەو دەنگدانەوەیـەکی مەزنی لەسەر ئاستی جیهان دروستکرد، بۆیە هەموو ئەو کوردانەی کە لە دەرەوە دەژیان، زیاتر لە جاران بە خەمی کارو چالاکییەکانیانەوە بوون، ئـەم ڕووداوەیان بـە تـاوانێکی گـەورەی دژ بـە مرۆڤایـەتی دەزانـی، کـاریگەرییەکی زۆری لەسـەر دەروونـی کـوردانی دیاسـپۆرا دروسـتکردبوو، ئەمەش وایکرد کۆدەنگییەک لەنێوان کوردەکاندا دروست ببێت، ئەم کۆدەنگییە سنووری سیاسی حزبەکانی بەزاندو گشت کوردانی دیاسپۆرا لە ئەوروپا یەکیان گرت، داوای بـە دەنگەوە هاتن و هەڵوێستێکی توندیان لە وڵاتانی ئەوروپا دەکرد. ئـەم چالاکییانـەو بێدەنـگ نەبوونـەی دیاسپۆرای کورد، هەستی نیشتیمانی و یەکگرتوویی لەناو کوردانی دیاسپۆرا بەهێز کردووە. ئەم گـەرموگوڕی و هەستی نیشتیمانییە دەکرێ بۆ غـەریبی و دووره وڵاتییان بگەڕێتەوە، لەوبارەیەوە نووسەرێك پێـی وایـە: هەستی ناسیۆنالیزمی و نەتـەوەیی مرۆڤەکان ئـەو کاتانـە بەهێزتر دەبێت کـە لە وڵاتەکەی دوور دەکەوێتەوەو لە وڵاتی دووەم دەبێتە دیاسپۆرا (سابیر ٢٠٢٣, ٢٢٤)

لە ژێر کاریگەرییەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕین کوردانی دیاسپۆرا، چرکە بە چرکە بە دوای هەواڵـەکانی نـاوخۆی نیشـتیمانەوە بـوون، ئەوەی لە دەسـتیان دەهـات دەیـانکرد، هانـدانی میـدیا و

ڕۆژنامەنووسەکانیان دەدا تاکو وێنەی کارەسات و مەینەتییەکانی کورد پەخش بکەن و دەنگی کورد بەجیهان بگەیەنن، فشاریان لەسەر سەرکردەو کاربەدەستانی ئەوروپا و هاوپەیمانەکان چڕکردبووەوە، بەتایبەتی بۆ سەرۆکی ئەکاتەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرج بۆشی باوک (١٩٨٩–١٩٩٣)، بۆ ئەوەی چیتر وەک چاودێر سەیری ئەو زۆنگاوە خوێناوییە نەکەن کە بەسەر کورد و باشووری کوردستانیان هێناوە، هەڵوێستیان لە بەرانبەر ڕەشبکوژیی کورد هەبێت. (دلاوەر عەلائەدین، ٢٠٠٧، ٦٩). بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی میدیا جیهانییەکانەوە کارەساتی کورد و سیاسەتی بێ بەزەییانەی حکومەتی عێراقییان گەیاندە هەموو تاکێکی ڕۆژئاوا، لە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ، دەنگی کورد و چالاکیە مەدەنییەکانی دیاسپۆرای کورد لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکانەوە گەیەندرایە ناو هەموو ماڵێکی ڕۆژئاوا (مەحمود ٢٠١٢, ١٧٩). وڵاتی بەریتانیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی گرنگی بە کارەساتی کۆچڕەوی کورد دا، (جۆن مەیجەر١٩٤٣---) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (١٩٩٠–١٩٩٧)، هەر لە سەرەتاوە داوای لە هاوپەیمانان کرد کە بە دەنگ خەڵکە لێقەوماوەکە بچن و پشتگیری لە دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) کرد، کوردانی دیاسپۆرای بەریتانیا لە ڕۆژانی ٣١ ی ئادار تاکو گەڕانەوەی پەنابەرەکان بۆ زێدی سەرەکی خۆیان، کۆمەڵێک کارو چالاکی گرنگییان ئەنجامدا، پاڵپشتی و لۆبیکردنێکی زۆریان بۆ نەتەوەکەیان کردووە(هیوا مینە، ٢٠١٢، ١٨٤).

هەر لە ڕۆژانی کۆچڕەوییدا، دیاسپۆرای کورد لە بەریتانیا، بە تایبەتی لە لەندەن، کە ڕێژەی کوردانی باشوور لەم شارەدا زۆر بوون، لە ڕێگەی (ڕێکخراوی سەنتەری کوردیی، KCC)یەوە بەرنامەیەکی تۆکمەیان دارشتووەو خەڵکەکەیان بەسەر چەند گروپێك دابەشکردووە تاکو کاروچالاکی جیاواز ئەنجام بدەن، بەشێک لە کوردانی دیاسپۆرا چوونەتە بەردەم سەفارەتی ئەمریکا، مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاندووەو میدیاکانیان ئاگادارکردۆتەوە تاکو ئەم چالاکییە پەخش بکەن و ڕای گشتی هاوڵاتیانی ئەوروپی و جیهان لە ئازار و مەینەتییەکانی کوردانی باشوور ئاگادار کردۆتەوە. بەشێکی دیکەی دیاسپۆرای کوردانی باشوور، خەریکی خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی هاوکاریی بوون بۆ هاونیشتمانی و براکانیان لە کوردستان، داوایان لە ئەمریکاو بەریتانیا کردووە تاکو هاوکاریی پەنابەران بکەن. (عەلائەدین، ٢٠٠٧، ٧٤–٧٥).

هەر لە چوارچێوەی چالاکییە مەدەنییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە بەریتانیا، بارەگای ڕێکخراوی UN بە شێوەیەکی ئاشتیانەو مەدەنییانە دەستیان بەسەر داگرتووە، ئەم چالاکییە دەنگدانەوەیەکی گەورەیی میدیایی لێکەوتۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا خۆپیشاندانێکی دیکە لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن ئەنجامدراوە. هەر بۆ مەبەستی پاڵپشتی باشووری کوردستان چەند

ليژنەیەك بۆ كۆكردنەوەی پارە و كەلوپەلی پێویست لەو شارانە پێكهێنرابوو كە كوردی لێ نیشتەجێ بوو(هیوا مینە، ٢٠١٢، ١٨٥). هەروەها دیاسپۆرای كوردانی باشوور لە سویدیش چالاكیان ئەنجامداوە، كاتێك هەواڵی كۆچڕەوی كورد و ئاوارەبوونی كوردانیان پێگەیشت، ئۆقرەییان نەماوە، هەوڵیانداوە چالاكی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن، تاكو لەو ڕێگایەوە فشار بخەنە سەر لایەنی پەیوەندیدار و هەڵوێست لە هەمبەر نەهامەتییەكانی كورد وەربگرن، خۆپیشاندانیان لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریكا ئەنجامداوە، مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاندووە داوای پاراستنی گەلی كوردیان دەكرد، ئەمەش دەنگدانەوەیەكی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا (عەزیز ٢٠١٣, ١٢٦). ئەم جموجۆڵ و چالاكیانە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی ئەنجامدراوە، كوردانی دیاسپۆرا لە كاتی پێویست هەڵوێست چالاكییان لە بەرانبەر ڕووداوەكانی باشووری كوردستان هەبووە، ڕۆژنامەی (THE DAILY HERALD)ی ئەمریكی كە لە ڕێككەوتی چوارشەممەی ٣ ی نیسانی ١٩٩١ چاپ و بڵاو كراوەتەوە، بابەتێكی بەناونیشانی: (كوردان دەست بەسەر بالێوزخانەی عێراق لە برۆكسل دا دەگرن)، ئاماژە بەوە دەكات و دەڵێت: كوردەكان لە بەلجیكا بۆ ماوەی پێنج كاتژمێر دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی عێراقدا گرت، پاسەوانێكیان بە بارمتە گرت و بیناكەیان تالانكرد، وەک نارەزایەتییەک دژی ئەو درندایەتییەی كە لە دژی كوردانی سڤیلی عێراقدا كراوە، پۆلیس ئاماژەی بەوە كردووە خۆپیشاندەران ئاڵای عێراقیان لەسەر بینای باڵیۆزخانەكە داگرتووە، ئاڵای كوردستانیان لە جێگای ئاڵای عێراق هەڵكردووە (سەردەشتی ٢٠٢٤, ٤٦-٤٧). هەرچەندە ژمارەیەكی زۆر كەم لە فینلەندا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە بەرانبەر ڕووداو كارەساتەكانی باشووری كوردستان كە لەلایەن ڕژێمی بەعس ئەنجامدراوە بێدەنگ نەبوونە. لەم بارەیەوە یەكێك لە نووسەرەكان كە بە ڕێگایەكی سەخت و دژوار گەیشتوتە ئەوروپا، لە یاداشتەكانی خۆیدا دەڵێت: لە بەهاری ١٩٩١ كاتێك ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان بەرپابوو و خەڵكی بەلێشاو ئاوارەی توركیا و ئێران بوون، ڕاگەیاندنەكانی ئەوروپا بە گرنگیەوە باسی ئەو بابەتەیان دەكرد، لەو بارەیەوە دیاسپۆرای كورد بەگشتی ڕۆڵێكی كاریگەریان بینی، بە ڕێكخستنی خۆپیشاندانی گەورە بۆ بەردەم بالیۆزخانەی عێراق ڕژێمی دیكتاتۆری عێراقیان ڕیسواكردو لە زۆربەی پایتەختەكانی ئەوروپا، سیاسەتەكانی عێراقییان پرۆتستۆدەكرد (ماویلی ٢٠١٨, ٦٣)

دیاسپۆرای كوردی لە فینلەندا لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان كەمبووە، بەڵام زۆر چالاک بوونەو توانیویانە پشتگیری و هەست و سۆزی هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە بۆ خۆیان ڕابكێشن، لەو خۆپیشاندان و گردبوونەوانە هاوڵاتیانی فینلەندی لەگەڵ كوردانی دیاسپۆرا بەشدارییان لە چالاكییەكان كردووە،

لەم گردبوونەوانەدا کۆمەڵێک دروشمی وەک: (بڕوخێ ڕژێمی فاشی، سەرکەوتن بۆ ئێمەیەو مردن بۆ دیکتاتور) وتراونەتەوە. لە یەکێك لە خۆپیشاندانەکانی کوردانی فینلەندا، لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە هیلسنکی پایتەخت ئەنجامدراوە، کارمەندانی باڵیۆزخانەکە بە دەمانچە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەرەکان بوونەتەوەو تەقەیان لێکردوون، ئەم کارەی کارمەندانی باڵیۆزخانەی عێراق، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ناو حکومەت و میدیای فینلەندا لێکەوتۆتەوە، سەرئەنجام باڵوێزی عێراقیان بەهۆی بەکارهێنانی چەک لە دژی خۆپیشاندەران لە فینلەندا دەرکرد، ئەم کارە بۆ ئەو کاتە گرنگیەکی زۆری لە ناساندنی پرسی کورد هەبووە(ماویلی ٢٠١٨, ٦٣-٦٤). کارو پیلانەکانی ڕژێمی بەعس نەک تەنیا لە فینلەندا بوونی هەبوو، بەڵکو لە هەر وڵاتێک باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەی عێراق بوونی هەبوایە پیلانەکانی خۆیان لە دژی کوردانی دیاسپۆرا دادەڕشت. لەو بارەیەوە دەزگا ئەمنییەکانی ئەڵمانیا دوو تیرۆریستیان دەستگیر کردووە کە سەر بە باڵیۆزخانەی عێراق بوونە، بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی باڵوێزخانەی عێراق، هەوڵیان دابوو کردەوەیەکی تیرۆریستی لە دژی کوردانی دیاسپۆرا ئەنجام بدەن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی نوێنەر و متمانەپێکراوەکانییانە کاری تیرۆریستیان لە دژی کوردانی دیاسپۆرا ئەنجامداوە (باسیرە، ٢٠٢٢، ١٨٠)

هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بە تایبەت دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە دەگۆڕێت، بۆیە هاوسۆزیان بۆ پرسی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەبێت، بەشێکی ئەم هاوسۆزییە بۆ گۆڕانی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەرۆکەکەی سەدام حوسێن دەگەڕێتەوە، بەشێکی دیکەشیان بۆ فشاری چالاکییەکانی دیاسپۆرای کورد دەگەڕێتەوە، سەفین دزەیی (١٩٦٣-----) باس لەوە دەکات و دەڵێت: "لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا (speakers corner) هەبوو، لە کاتی تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا، لە ڕۆژانی یەکشەممە دەچووین بۆ ئەم پارکە، لەوێ خۆپیشاندانمان دەکرد و قسەمان لەسەر بارودۆخی کوردستان دەکرد، عەرەبی وڵاتە عەرەبییەکان دژایەتییان دەکردین و بەگژماندا دەهاتن، دەیانگوت، ئێوە بوختان بە عێراق دەکەن و بەرگرییان لە سیاسەتەکانی عێراق دەکرد، بەڵام کاتێ کوێت داگیر کرا، ئیتر هەر ئەو کەسانە کە کوەیتی، سعودی و ئیماراتی بوون، دەهاتنە هەمان شوێن و قسەیان لەسەر دڕندەیی عێراق دەکرد، کیمیابارانی هەڵەبجەیان بە نموونە دەهێنایەوە، باسی سیاسەتی ڕژێمی عێراقیان دەکرد کە چ کارەساتێکیان بەسەر خەڵکی کورد و کوردستاندا هێناوە (فەرەنسا، ٢٠٢٣، ٩٨-٩٩).

**تەوەرەی سێهەم: چالاکییە ڕۆشنبیری و کلتوورییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور.**

یەکێك لەو هۆکارانەی کە پەیوەندی لە نێوان دیاسپۆراکاندا دروست دەکات و لە یەکتریان نزیك دەکاتەوە، هەبوونی چالاکی و ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری و کلتووری نەتەوەییە، هەبوونی هەستی غەریبی و دووره وڵاتی، هانی دیاسپۆرای نەتەوەکان دەدات لە دەوری یەکتر کۆببنەوەوەو چالاکی ڕۆشنبیری و کلتووری ئەنجام بدەن. نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی دیاسپۆرا نشین، لەم جۆرە چالاکیانە بەدوور نەبوونە، کەم تا زۆر چالاکی هەمەجۆریان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا ئەنجامداوە، ئەو کەسانەی ئەم جۆرە چالاکیانەیان ئەنجامداوە کەسانی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بوونە، یاخود کەسانێك بوونە بە مەبەستی خوێندن ڕوویان لە دەرەوە کردووە، بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٧٥ تاوەکو ساڵی ١٩٩١ زۆربەی ئەو کەسانەی کۆچیان کردووە بۆ ئەوروپا یا هەر وڵاتێکی دیکە، دەستەبژێرێکی دیار و ڕۆشنبیری کورد بوونە، بۆیە زۆربەی کار و چالاکیەکانیان لە بواری ڕۆشنبیری و کلتووری ئەنجامداوە. هەر بەم هۆیەوە هەندێك لە فێرخوازانی کورد، بیریان لە دروستکردنی کۆمەڵەیەکی تایبەت بە خۆیان کردۆتەوە، تاکو لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵانەوە چالاکی ڕۆشنبیری ئەنجام بدەن و پاڵپشتی و هاوسۆزی ڕای گشتی وڵاتانی ئەوروپا بۆ کورد دەستەبەر بکەن، لەو بارەیەوە کۆمەڵە قوتابی و خوێندکارییەکان لە بۆنە نیشتیمانییەکان و کۆکردنەوەی کوردانی دیاسپۆرا ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە، لەم ڕێگەیەوە لۆبی و پاڵپشتییان بۆ کورد کۆکردۆتەوە، لقەکانی کۆمەڵەی قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا) ساڵانە لە زۆربەی وڵاتاندا، بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان بەرز ڕاگرتووە بەتایبەتی لە بۆنەی نەورۆز دا، هەروەها لە بۆنەکانی وەك: یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، کودەتای میلتارییەتی تورک ، کارەساتی هەڵەبجەو تاوانەکانی داگیرکەران، ئەم چالاکییە مەدەنیانە زیاتر سەرەتایی بوون و لە لایەن لقەکانی کۆمەڵە قوتابی و خوێندکارییەکان لە وڵاتانی ئەوروپی بەڕێوەدەبران. (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ١٠٩)

قوتابی و خوێندکارانی کورد لە دیاسپۆرادا جگە لە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەو دەکردنی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بە زمانی بیانی و کوردی، بە مەبەستی زیاتر ناساندنی پرسی کورد، چەندین ڕێگەو شێوازی دیکەی خەباتیان گرتۆتەبەر، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ٨ ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆمەڵێک قوتابی و خوێندکاری کورد کە لە پۆڵەندا دەیناخوێند، لەگەڵ نوێنەری ٣٥ ڕێکخراوی خوێندکاری و سیاسی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کیشوەری ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی لە بارەگای خاچی سووری پۆڵەندا دانیشتنێکیان ئەنجامداوە، نزیکەی سی و پێنج ڕێکخراوی خوێندکاری لە ڕێگەی خاچی سووری پۆڵەندییەوە، یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی بارەگای

خاچی سووری نێودەوڵەتی و کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە جنێف کردووە. ئەم یاداشتنامەیە دەرخەری لێهاتوویی و بەهێزی هەستی ناسیۆنالیزمی قوتابی و خوێندکارانی کورد بووە لە دیاسپۆرا، لەم رێگەیەوە داکۆکیان لە پرسی کورد کردووە، دوای بەشداربوونی خوێندکارانی ئەمریکایی لاتینی و ئەفریقیا و وڵاتانی ئاسیا، پرسی کوردیان کردۆتە پرسێکی جیهانی، نەتەوەی ئەم وڵاتانە هاوشێوەی کورد پرسگەلێکی وەک: داگیرکردن، بەکۆیلە کردن و دەستگرتن بەسەر خێروبێری وڵاتەکانیان هەبووە. ئەم یاداشتنامەیە لە لایەن جێگری خاچی سووری پۆڵەندییەوە واژۆ کراوە، لە نامەکەدا باس لە جینۆسایدی گەلی کورد و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی هاوڵاتیانی سڤیلی کورد کراوە، ئەم تاوانە بە توندی شەرمەزار کراوە، داوایان لە هێزە دیموکراسییەکانی جیهان کردووە تاوانەکانی رژێمی عێراق سەرکۆنە بکەن و دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرزبکەنەوەو هاوسۆزی و پشتیوانییەکانی خۆیان پێشکەش بە گەلی کورد و هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراسیەکان عیراق بکەن (ئینسکلۆپیدیایی پ.د.ک، بەڵگەنامە AK-65).

هەر لە چوارچێوەی جموجۆڵ و چالاکییە رۆشنبیرییەکاندا، کوردانی دیاسپۆرا لە ساڵی 1988دا پەیمانگایەکی تایبەتیان بە ناونیشانی: (پەیمانگای خوێندنی کوردیی – بەرلین) دامەزراندووە، ئەم پەیمانگایە لە چالاکییە هەرە دیارەکانی کوردانی دیاسپۆرا بووە، کاروچالاکییەکانی ئەم پەیمانگایە لێکۆڵینەوەی زانستی بووە لە بواری کولتوور و زمانی کوردی، هەوڵەکانیان زیاتر لە بواری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بووە، لەو بارەیەوە یارمەتی دیاسپۆرای کوردەکانی ئەڵمانیایان داوە، هەروەها لە بواری کلتووریی و ناساندنی شوناسی کورد بە کۆمەڵگەی ئەوروپی رۆڵێکی دیاریان هەبووە، ئەم پەیمانگایە بەهاوکاریی زانا دامەزراوە کە لە زانکۆیی (فرێی) لە بەرلین کاریان کردووە، ساڵی ١٩٩٥ وەک کۆمەڵەیەکی قازانج نەویست تۆمارکراوە. (https://www.ifkurds.de/en/).

چالاکییەکانی ئەم پەیمانگایە تەنها لەم بوارانەدا نەبووە، بەڵکو بەتەنگ بارودۆخی کوردستانیشەوە بووە هەوڵیانداوە کاریگەری جێ پەنجەیان لە چارەسەرکردنی رووداوەکانی باشووری کوردستان هەبێت، بەپێی بەڵگەنامەیەک کۆمەڵێک لە کوردانی دیاسپۆراو ئەندام لەم پەیمانگایە، بەیاننامەیەکیان لە رۆژی ١٧/٤/١٩٩٤ ئاراستەی هەریەک لە (مسعود بارزانی)(1946 – ........) و (جەلال تاڵەبانی) (١٩٣٣–٢٠١٧ ) و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو کاتە و کاربەدستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، داوایان کردووە کە رێگە بە شەری ناوخۆ و برا کوژی نەدرێت، لە بەشێکی بەڵگەنامەکەدا هاتووە: لەم کاتە ناسکەدا لە جیاتی تێکۆشانی شان بە شان و بە هێزکردنی یەکێتی ریزەکانمان بەرانبەر بە دوژمنی خۆمەڵاسدەر، هێزەکانی

پێشمەرگە هاندراون تا بەربنە گیانی یەکتری، بەمەش دووبارە شەڕی براکوژی سەرهەڵدەداتەوە.( ئیسکلۆپیدییای پ.د.ک، بەڵگەنامە، A6-67)

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێت دیاسپۆرای کوردان لە ئەوروپا چالاك و کاریگەر بووەو خزمەتی بە دۆزی کورد کردووە، هەر لە چوارچێوەی چالاکییەکاندا دیاسپۆرای کوردانی باشوور بۆ یارمەتیدان و ناساندنی پرۆسەی ئەنفالکردنی کوردانی باشوور لەلایەن ڕژێمی بەعس، بڕێکی زۆری پارەیان کۆکردۆتەوەو بۆ ئەو مەبەستە وەبەرهێنانیان کردووە تاکو ئەم تاوانانە وەک جینۆساید بە پەرلەمانە جیاوازەکانی ئەوروپا بناسێنن، لەو بارەیەوە هەموو لایەنە سیاسییە کوردستان ئاگادارن و دەزانن کە دیاسپۆرای کوردی چەندە کاریگەر بووە، کاتێک هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ کیمیابارانکرا، خەریکبوو کورد پاکتاوی نەژادی بکرێ، لەو سەردەمدا دیاسپۆرای کورد تاکە لایەن و دەنگێکی سەرەکی کورد بوو کە کاریگەریی لەسەر بیرورای گشتی جیهانی و ڕۆژئاوا هەبێت، ئەمەش بووە هۆی هەموو ئەو پشتیوانییەی کە بەدواییدا هات بە تایبەتی دوای کۆچڕەوی ساڵی ١٩٩١(mustafa, 2021, 81)

کوردانی دیاسپۆرا لە گشت ئەو بارودۆخ و نەهامەتییانەی کوردانی باشووری کوردستان ڕووبەڕووی دەبوونەوە هەڵوێست و چالاکی جۆر بە جۆریان هەبووە، کوردانی دیاسپۆرا لە ئەوروپا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە جوڵاندنی ڕای گشتی و ویژدانی مرۆدۆستی ئەو وڵاتانە هەبووە کە تێیدا ژیاون، هونەرمەندانی کورد لە کاتی کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١، چەندین کۆنسێرتیان سازکردووە، هاووڵاتی ئەوروپایی بەشداریان تێدا کردووە، لە ڕێگەی ئەم چالاکییانەوە پارەو هاوکارییان بۆ پەنابەرەکان کۆکردۆتەوە، کێشەو ئازاری میللەتەکەیان بە وڵاتانی ڕۆژئاوا گەیاندووە، هەروەها هونەرمەندانی بواری وێنەو فۆتۆگرافیش لە شارەکانی ئەوروپا لە ڕۆژانی کۆڕەوەکە چەندین پێشانگایان بۆ هاوکاریی خەڵکی لێقەوماوی کوردستان کردۆتەوە. (مەحمود, ٢٠١٢, ١٨٣).

ڕۆڵ و چالاکی ڕۆشنبیرانی کورد لە دیاسپۆرادا، چالاکانەو هۆشیارانە لە نێو کۆچبەرانی کورددا کاریان کردوە، کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی کورد کردووە، لە ئەنجامدا تاڕادەیەکی باش یەکگرتوویی و کۆدەنگی دیاسپۆرای کوردی لێکەوتۆتەوە ( Alinia 2004, 33). (جەمال نەبەز)[١] وەکو نووسەرو کەسایەتییەکی دیاری باشووری کوردستان ڕۆڵێکی

---

[١] جمال نەبەز: ناوی تەواوی جمال الدین کوڕی توفیق، لە ساڵی ١٩٣٣ لە گەڕەکی گۆیژە لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٥ لە کۆلێژی پەروەردە بەشی فیزیا لە زانکۆی بەغدا بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەر

دیاری بینیوه، هەر لەو ڕۆژەی وڵات جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەورووپا و لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ دەبێت، داکۆکی لەسەر پرسی کورد کردووەو ڕای گشتی وڵاتانی ئەوروپا و جیهانی لە ئازارو مەینەتییەکانی کورد ئاگادار کردۆتەوە، (نەبەز، ١٩٩٩، ١٧) جەمال نەبەز لە بواری زمان و ئەدەبیاتی کورد دا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە، لێکۆڵینەوەی زۆری دەربارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی نووسیوە، هەوڵیداوە زمانی کوردی لە زانکۆکانی ئەڵمانیا بە فەرمی بکات. یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ناوبراو ئەوەبووە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە یەکتر نزیک بکاتەوە، ساڵی (١٩٧٦) کتێبێکی بە ناونیشانی: "زمانی یەکگرتووی کوردی" نووسیوە، هەروەها فەرهەنگێکی زمانەوانی (ئەڵمانی– کوردی)، نامیلکەیەکی بە زمانی ئەڵمانی بۆ فێرخوازانی زمانی کوردی داناوە، ئەمەش هەوڵێکی گرنگ بووە بۆ ناساندن و ئاشناکردنی زمان و کلتووریی کوردی بە ئەڵمانەکان. (هالۆ، میرخان، ٢٠٢٤، ٤٠٥ ؛ نەبەز، ٢٠١٥ ، ٧٢–٧٣)

جەمال نەبەز وەك دیاسپۆرایەکی کوردانی باشوور لە ئەوروپا، چەندین چالاکی دیکەی جۆراوجۆری ئەنجامداوە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕوکۆبوونەوەکانییەوە هەوڵیداوە خزمەتێکی جیاواز بە پرسی کورد بکات، سیمینارەکانی زیاتر بە مەبەستی وشیارکردنەوەی کوردانی دیاسپۆرا بووە بە بێ جیاوازی. سیمینارێکی فراوانی لە ڕۆژی ٢٧-١٢-١٩٨٥ بۆ دیاسپۆرای کوردانی دانیمارک ئەنجامداوە[٢] لەم سمینارەدا ژمارەیەک لە کوردانی دانیشتووی سوێد، ئەڵمانیا و بەریتانیا بەشدار بوونە، سمینارەکە ناونیشانی: (کورد کێیە؟و کورد بوون مانای چییە؟) بووە. ئەم سیمینارە بە هاوکاری لقی دانیمارکی (سۆکسە) بۆ ڕۆشنبیر و نووسەری باشووری کوردستان جەمال نەبەز ڕێکخرابوو، کرۆکی سەرەکی سیمینارەکە ناسنامەی سەرەکی کورد بوون بووە، لە سمینارەکەدا جەخت لەسەر پرسی زمان، بنەچەو ڕەچەڵەکی کورد کراوە، نیشتمانی بە پێناسەیەکی گرنگی ناسنامەی کورد بوون ناوبردووە. لە خاڵێکی دیکەی سمینارەکەدا باسی لە بابەتە کلتوورییەکان کردووە، کلتووری بە پێناسەیەکی گرنگی ناسینەوەی کۆمەڵگەکان ناوبردووە، هەست و بابەتە نەتەوایەتییەکان خاڵێکی دیکەی سیمینارەکەی جەمال نەبەز بووە (نەبەز، ٢٠٠٢، ٥).

---

دەگرێت، هەر لەم ساڵەدا لە شاری کەرکوک دەبێتە مامۆستا، ساڵی ١٩٦٢ وڵات جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە هەندەران، ساڵی ٢٠١٨ هەر لە دیاسپۆرادا کۆچی دوایی دەکات. (نەبەز ئازاد، ٢٠٢٤)

[٢] بۆ خوێندنەوەی درێژەی وتاری سیمینارەکانی جەمال نەبەز بگەڕێوە بۆ: ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالیزمی، جەمال نەبەز

بەم شێوەیە دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ڕێگەی نووسەرو چالاکوانەکانیانەوە ڕۆڵێکی گەورەیان لە پاراستن و گەشەپێدانی زاراوەی کوردیی بینیوە، هەوڵەکانیان لە ساڵانی ١٩٨٠ هەتاکو ١٩٩٠ ەکاندا گەیشتۆتە لوتکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و دۆستی وێژەی ئەدەبی کوردی ڕوویان کردە ئەوروپا، دەیان گۆڤار و بڵاوکراوەیان بە زاراوەی کوردیی ناوەند لە دیاسپۆرا دەرچووان، گۆڤار و بڵاوکراوەکانی وەك: (مامۆستای کورد، خەرمانە، وان، گزنگ، کۆچەر، بەربانگ، سەردەمی نوێ، نووسەری کورد) لە دیارترینیان بوون، جگە لەمەش چەندین خولی جیاوازیان بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە زانکۆکانی ئەوروپا کردوتەوە، شێوەزاری کوردیی ناوەند وەک زمانێکی کەلەپووری لە گەلێک وڵاتی ئەوروپا، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا خوێندراوە. (ئەرسەلان، ٢٠٢٣، ٢٦٥)

دامەزراندنی ئەنجومەنێک، بە ناوی (ئەنجومەنی کوردان) کە لە ڕۆژی ٣٠ مارتی ساڵی ١٩٩١ لە شاری ئەمستردام دامەزراوە، یەکێکی تر بووە لە چالاکییە دیارەکانی کوردانی دیاسپۆرا، ئەم ئەنجومەنە وەک هەوڵێک بۆ گەلاڵەکردن و ڕێکخستنی کاری پێکەوەیی لە نێوان حزب و ڕێکخراو و تاکەکەسەکاندا دامەزراوە، دامەزرێنەرانی ئەم ئەنجومەنە لەم بارەیەوە دەنووسن و دەڵێن: "(ئەنجومەنی کوردان) سەکۆیەکە بۆ ڕاگۆڕینەوەو کاری پێکەوەیی نێوان حزبە سیاسییەکان و ئۆرگانە کوردییەکانی هۆڵەندا، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ئۆرگانە هۆڵەندییانەدا دەکات کە خۆیان بۆ مەسەلەی تەرخانکردووە". کۆمەڵێک نووسەر و کەسایەتی سەربەخۆ بەشداریان لەم ئەنجومەنەدا کردووە (قانیع، ٢٠٠٥، ١٣٥). دلاوەر عەلائەدین(١٩٦٠----) وەك ئەکادیمیست و کەسایەتییەکی دیکەی باشووری کوردستان، بە مەبەستی لۆبی و ناساندنی پرسی کورد لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩١ وتارێکی گرنگی بەناونیشانی: "هەوری مەرگ شەڕی کیمیاوی سەدام حوسێن لە دژی کوردەکان" بڵاوکردۆتەوە، ناوەرۆکی وتارەکە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی دوو ساڵ و نیوی ناوبراو بووە، نووسەر بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو زانیاریی و بەڵگە لەسەر تاوانەکانی ڕژێمی بەعس کۆکردۆتەوە، ئەم وتارە وەک نامیلکەیەک بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، ئەم هەوڵەش دەچێتە خانەی ناساندی پرسی کورد لە ئەوروپا. گرنگی ئەم نامیلکەیە لەوەدایە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی بەکارهێنراوەو سوودی لێ وەرگیراوە[3] (https://www.dlawer.info)

---

[3] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وتاری ناوبراو بگەڕێوە ئەرشیفی د.دلاوەر عەلائەدین https://www.dlawer.info



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی بەرهەمی کولتووری لە دیاسپۆرادا پێکدەهێنێت، چالاکی جۆراوجۆری وەك: فیلم، مۆسیقا، شیعر و شوێنەوارە هونەریەکان لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەمانە فەزای کولتووری و کۆمەڵایەتی دروست دەکەن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ناسنامە دیاسپۆرایەکان دەبێت، بە هەمان شێوە لە چوارچێوەیەکی دیاسپۆرادا، دەتوانرێت مۆسیقا، شیعر و شوێنەوارە ئەدەبییەکان وەک ئامرازێک بۆ گرووپە ناسنامەییە پەراوێز خراوەکان سەیر بکرێت، لەو ڕێگایەوە ماف و داواکارییە سیاسییەکانیان دەردەبڕن و هەستەکانیان لە بەرانبەر ئەو فشارو ئازارانەی کە بەشێوەی جیاواز و تاکەکەسی و کۆمەڵ بە کۆمەڵ لەسەر کورد جێ بەجێکراون دەخەنەڕوو (dag 2022, 272).

چالاکی و بەرهەمهێنانی بابەتە کولتووری و فەرهەنگییەکان دیاسپۆرا، بەشدارییەکی ئەرێنی لەسەر لە یەکتر نزیکردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتنی پەنابەران دروست دەکەن، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە وەک ئامرازێکی چارەسەری بۆ بەهێز کردنیان کاریان لەسەر دەکرێت و دیدگاکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەزموونە جیاکارییەکانی ڕابردوو یەکدەخرێن ( dag 2022, 272) . یادکردنەوەی جەژنی نەرۆز یەکێکبووە لە بۆنەو هێما دیارەکانی کورد، نەورۆز لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووەوە، هۆکارێك بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و گردبوونەوەی جەماوەری، دەرفەتی خۆپیشاندان و چالاکی بۆ دیاسپۆرای کوردان ڕەخساندووە، پەنابەرانی گەنج و دوورە وڵات پێناسەو خەباتی نەتەوەییان لە ڕێگەی بۆنەی نەورۆزەوە دەرخستووە(ماکداوڵ، ٢٠١٩، ٦٩٩). لە دوای کۆچکردن زۆرێک لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و نووسەران و چالاکوانە سیاسییەکانی کورد زەمینەیەکی سیاسیی بۆ دیاسپۆرای کورد ڕەخساوە، لە چوارچێوەی دۆخی دیاسپۆرادا ئەدەب و ڕۆمانی کوردی تا ڕادەیەک پەرەی پێدراو لەم ڕووەوە وڵاتی سوێد ڕۆڵێکی پێشەنگانەی لە پشتگیریکردنی زمانی کوردیدا گێڕاوە (ئەرسەلان، ٢٠٢٣، ٥٣٧). یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی کورد (شێرکۆبێکەس ١٩٤٠–٢٠١٣) لە ناوەراستی هەشتاکان کۆچیکردووە بۆ ئەوروپا وەک دیاسپۆرایەکی کورد لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ڕێگەی بەرهەمە شیعرییەکانی و بەستنی چەندی کۆڕ و کۆبوونەوە، ڕۆڵێکی دیاری لە ناساندنی پرسی کورد هەبووە. یەکەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەی لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا ئەنجامداوە، لەم چالاکییە مەدەنییەدا ژمارەیەکی زۆری نووسەر و ڕۆشنبیری ئەوروپایی بەشدار بوونە، لەم کۆڕەدا پشتگیری خۆیان بۆ گەلی کورد و پرسی کورد دەربڕیوە (ح. ن. کاکی ٢٠٢٤, ٨٢–٨٣) جگە لەمەش ئەم شاعیرە خەڵاتی (توخۆلسکی) لە لایەن حکومەتی سویدییەوە پێبەخشراوە، ئەم خەڵاتە دەبەخشرێت بەو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانەی کە لە وڵاتی خۆیان دژی جەنگ و ستەمی داگیرکاریی خەباتیان

كردووە و لە دەست رژێمە زۆردارەكان هەڵاتوون و ئاوارە بوونەو لە دیاسپۆرادا دەژین. (ن. ع. ئەحمەد, نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش ٢٠٠٥, ٣٧٥). پێدانی ئەم خەڵاتە بە شاعێری ناوبراو مانای ئەوە دەگەینێت كە چالاكییەكانی كاریگەریان لەسەر بەشداربووان و كاربەدەستانی سوید دروستكردووە، بەم هۆیەوە خەڵات پێدانیان بە شایستە زانیوە.

كوردێكی دیكەی باشووری كوردستان لە ئەوروپا (فەرهاد شاكەلی، ١٩٥١---) یەكێك بووە لە نووسەر و شاعیرە دیارەكانی دیاسپۆرا، بە بەرهەم و شیعرەكانی رۆڵێكی دیاری لە ناساندنی پرسی كورد دا هەبووە، كاروچالاكییەكانی لە دیاسپۆرا بە تایبەت لە وڵاتی سوید، وایكردووە لە لایەن رێكخراوەكانی ئەم وڵاتە، وەك چالاكوانێكی كورد خەڵات بكرێت، كۆمسیۆنی فەرهەنگی ناوچەی (سووڵلنتونا) لە سوید بڕیاریداوە خەڵاتی رۆشنبیری ساڵی ١٩٩٨ی ببەخشێت، ئەم خەڵاتە لە سی هەزار كرۆنی سویدی پێكهاتبوو، ساڵی جارێك بە چەند كەسێك دەدرێت كە لە بواری فەرهەنگی و كلتووریدا كاری گرنگیان ئەنجام دابێت و بەشدارییەكی كارایان لە ژیانی رۆشنبیریدا كردبێت، هەوڵی دابێت زمان و فەرهەنگی نەتەوەكەی بە نەتەوەكانی دیكەی جیهان ئاشنا بكات و بناسێنێت (گۆڤاری بەربانگ)

لە بواری شانۆی و نواندیش كوردانی دیاسپۆرا رۆڵ و كاریگەرییەكی دیاریان بینیوە و جێگەی پەنجەیان دیاربووە، لە كۆتایی ١٩٨٠ كاندا گرووپی شانۆیی (ئارارات) كە گرووپێكی كوردی بوو، لە رێگەی كارە درامایە یەك بەشییەكانی (سواڤیر مرۆزیك) پێشكەش دەكرد، لە ناویشیاندا شانۆی لە دوراپی دەریاكاندا، سەمای ستریپتیز، ئەو شانۆگەرییانە لە لایەن (فازیل جاف)ەوە دەرهێنرابوون. (ئەرسەلان, گوینەش و یادرگی, رەوەندی كورد كۆمەڵگەیەكی خەیاڵی ئەودیو- وڵات ٢٠٢٣, ٣٨٧). شانۆكاری بە توانا (دانا رەئوف مەعروف)[٤] كە لە ترسی هەڕەشەكانی رژێمی بەعس رووەدەكاتە ئەوروپا و دەبێتە دیاسپۆرایەكی چالاكی ئەوروپا، بە گەیشتن بۆ وڵاتی سوید لەسەر كاری رۆشەنبیری خۆی بەردەوام بووە، ئەم رۆشنبیرە تەنها لە شانۆیە كوردیەكاندا بەشداری نەكردووە، بەڵكو بەشداری لە شانۆیەكی سێ سەعاتی سویدی كردووەو رۆڵی سەرەكی بینیوە، ئەم رۆڵ گێڕانەی دەنگدانەوەیەكی گەورەی لە ناو كۆمەڵگەی سویدی و رۆژنامەكانی ئەم وڵاتە دروست كردووە، یەكێك لە رۆژنامە سویدییەكان بەم جۆرە باسی دەكات: " ئەكتەرێكی كورد لە هەمان كات دەرهێنەریشە لە شانۆنامەی (موردت پومارت)دا

[٤] دانا رەئوف مەعروف: لەساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی لەبەغداد تەواو كردوە، ساڵی ١٩٨٧ لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بووە، دواتر ڕوی كردۆتە هەندەران و لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە

دەوری (ماراتی) بینیوە کە لە دەرهێنانی (پیتە دویسە) بووە، ئەم هونەرمەندە نووسەریشە لە چەندین ڕۆژنامەی سویدی بڵاوکراوەی هەبووە" هەروەها ڕۆژنامەی (کریلۆبس و ئیکیوریدیتینگی سویدی) دەربارەی ئەم شانۆکارە کوردەیان نووسیوە. ئەم شانۆکارە لە ڕێگەی شانۆگەرییەوە نەتەوەی کورد و پرسی کوردی زیاتر بە سویدییەکان ئاشناکرد(ڕۆژنامەی میدیا، ١٩٩٥، ژ ١٠٥١)

چالاکوانێکی دیکەی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ئەوروپا، (شوان جەعفەر)، ناوبراو بڕوانامەی دیبلۆمی باڵای لە توێژینەوە شانۆییەکاندا لە زانکۆی سۆربۆنی نوێ وەرگرتووە، وەک بەڕێوەبەری کۆمپانیای شانۆ، چیرۆکی ئەویندارانی "مەم و زین" کە هەرخۆی وەریگێڕابووە سەر زمانی فەرەنسی دەهێناوە، هەروەها چەندین بەرهەمی دیکەی بۆ سەر زمانی فەڕەنسی وەرگێڕاوە، ئەم چالاکیانەی ناوبراو بۆ ئەوکات کارێکی گرنگ بووە، بەهۆی ئەوەی شانۆ بینەرێکی زۆری لە وڵاتانی ئەوروپیدا هەبووە، لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی پرسی کورد بە میللەتانی ئەوروپا بناسێنێت، (ئەرسەلان, گوینەش و یادرگی, ڕەوەندی کورد کۆمەڵگەیەکی خەیاڵیی ئەودیو– وڵات, ٢٠٢٣, ٣٨٨).

دەرهێنەرێکی دیکەی شانۆیی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ئەڵمانیا (هاوڕێ زەنگەنە) بوو، لە دایکبووی شاری کەرکووکە، دوای ئەوەی لەساڵانی ١٩٨٠ کاندا لەو وڵاتە نیشتەجێ دەبێت، بڕوانامەی ماستەری لە بواری شانۆدا لە زانکۆی "لودویگ ماکسیمیلیان" لە شاری میونخ بەدەست دەهێنێت، دواتر بەرهەمێکی بە ناونیشانی: "شانۆ وەک جۆرێک لە بەرخودان لە کوردستان" دواتر بڵاوکردۆتەوە. ئەم بەرهەمە بەیەکەم کتێب دادەنرێت کە بەزمانێکی ئەوروپایی بنوسێرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک لاوان و تازە پێگەیشتوان پرۆژەی شانۆیی ڕێکدەخست و دەرهێنانیشیان بۆ کردووە (ئەرسەلان, گوینەش و یادرگی, ڕەوەندی کورد کۆمەڵگەیەکی خەیاڵیی ئەودیو– وڵات, ٢٠٢٣, ٣٨٩).

بەم شێوەیە دەکرێ بگوترێت دیاسپۆرای کوردانی باشوور ڕۆڵێکی دیار و کاریگەرییان لە بواری هونەری و سینەماییدا هەبووە، پێیان وابوە هونەر و سینەما لە پاڵ خەباتی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەم ڕێگایەوە دەتوانرێت نەتەوەکەیان بناسێنن و لۆبی و پاڵپشتیی بۆ کۆبکەنەوە. هونەرمەندانی کورد ڕۆڵێکی دیاریان لە پاراستن و گرنگی دان بە زمانی کورد دا هەبووە، لە بەرهەمەکانیاندا سەرنجیان خستۆتە سەر نوێکردنەوەی زمانی کوردی و دووبارە نووسینەوەی مێژووی کورد ((dag 2022, 277 . چەندین شاری گەورەی ئەوروپا بوونە شوێنی سەرەکی بەرهەمهێنانی کولتووری دیاسپۆرای کورد (Kocer 2014, 277)

دەرئەنجامەکان:

- دیاسپۆرا وەك چەمکێکی مێژووی نوێ و هاوچەرخ، لە لایەن ڕەوتە کۆمەڵەو ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی دەرەوەی نیشتیمانی خۆیان بەکاردەهێنرێت، کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ئەوروپا وەك نەتەوەیەکی دووره وڵات، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، تێکەڵ بە جموجۆڵ و چالاکی دیاسپۆرا بوونەو لەوبارەیەوە ڕۆڵ و پێگەی خۆیان بە گەلانی ئەوروپا ناساندووە.
- دیاسپۆرای کوردانی باشوور بەهۆکار و بەرئەنجامی سیاسەتی توندوتیژانەی ڕژێمی بەعس دروستبووە، هەروەکو چۆن لە ناوخۆی وڵات ڕووبەڕووی چالاکی و داخوازی نەتەوەیی دەبووە، بە هەمان شێوە هەموو تواناکانی خۆی لە دەرەوە خستوتەگەڕ و ڕێگری لە چالاکیەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ئەوروپا کردووە.
- حکومەتەکانی عێراق و حیزبی بەعس هەموو ڕێکارێکی گرتوتەبەر تاکو ڕێگری لە چالاکییە مەدەنی و ڕێکخراوەییەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور بکات، ئەم ڕێگریانەشی بۆ ئەوەبووە تاکو کۆمەڵگەی ئەوروپایی لە سیاسەتەکانی ئاگادار نەبن و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست نەبێت.
- چالاکییە مەدەنیەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور وا دەردەکەون زیاتر خۆرسکی بوون و هیچ لایەنێکی سیاسی لە پشتەوە نەبوبێت، ئەمەش بە هۆی بە هێزی هەستی نیشتمانپەروەری کوردانی دیاسپۆرا بووە، هەوڵیانداوە پاڵپشتی نەتەوەکەی خۆی بکات.
- دیاسپۆرای کوردانی باشوور چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی: خۆپیشاندان و گردبوونەوەی جەماوەری، کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریدا بووە، لەم ڕێگایەوە پەیام و مافی نەتەوەیی گەلی کوردیان ئاراستەی وڵاتانی ئەوروپا کردووە.
- چالاکییە مەدەنیەکانی دیاسپۆرای کوردانی باشوور لە ئاستێکی بەرزدا دەردەکەون، ڕۆڵێکی دیار و کارایان لە ناساندنی پرسی کورد لە ئەوروپادا هەبووە، کاریگەریان لەسەر وروژاندنی ڕای گشتی هاوڵاتیان و وڵاتانی ئەوروپا دروستکردووە.
- فشارەکانی دیاسپۆرای کورد بە گشتی و کوردانی باشوور بەتایبەتی پرسی کوردیان گەیاندۆتە ئاستێك، ڕای گشتی چەند وڵاتێکی ئەوروپی و جیهانیان وروژاندووەو هەڵوێستیان لەسەر پرسی کورد دەربڕیوەو لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا قسەیان لەسەر دۆزی کورد کردووە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەڵگەنامەکان**

١-ئینسکلۆپیدییای پ.د.ک، ژمارەی بەڵگەنامەAK-61 بڵاو نەکراوە.

٢- ئیسکلۆپیدییای پ.د.ک، بەڵگەنامە، AK-67

**دووەم: کتێبەکان**

**أ. بە زمانی کوردیی**

١-دانەر ئەبوبەکر، کورد و دیاسپۆرا، ٢٠٢٣. مۆسکۆ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم.

٢-هەورامان عەلی توفیق، سەفەرێک بۆ هەندەران، ٢٠٠٩، هەولێر، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم.

٣-حەمید بۆز ئەرسەلان، مێژوویی کورد، ٢٠٢٣، تاران. چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٤-جەمشید حەیدەری، لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم، ٢٠٢٠، هەولێر.

٥-نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکا، ١٩٤٩-١٩٩١، ٢٠٠٨، سلێمانی، چاپخانەی تیشک.

٦-نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەک لە خۆڵەمێش، ٢٠١٨، سلێمانی، چاپخانەی کورۆ.

٧-حامید گەوهەری، کورد لە مێژوویی ٢٠ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکاندا، ٢٠١٠، هەولێر، دەزگای ئاراس.

٨-ڕەفیق سابیر ، لە ستایشی ژیاندا، ٢٠٢٣، چوارچرا، چاپی یەکەم

٩-شەریف عەلی، جووڵانەوەی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٨٢ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ٢٠٢١، دهۆک، ئینسکلۆپیدییای پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٠-هاوکار محەمەد ڕەشید، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی باشووری کوردستان لە بڵاوکراوەکانی دەنگوباسی کوردستان ١٩٨٠-١٩٨٨، ٢٠٢٥، هەولێر.

١١-دلێر ئەحمەد حەمەد، مێژوویی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، ٢٠١٩، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

١٢-مەریوان وریا قانع. ناسیۆنالیزم و سەفەر، ٢٠٠٥، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

١٣-جەمال نەبەز، ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا، ١٩٩٩، سلێمانی، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ.

١٤-جەمال نەبەز، کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوەی یەکێتی کورد کاژیک، ٢٠١٥، سلێمانی

١٥- جەمال نەبەز، ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالی کورد، ٢٠٠٢، لەندەن، بڵاوکراوەی بنکەی کورد نامە.

١٦- دەیڤد ماکداوڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، ٢٠١٩، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

١٧-دلاوەر عەبدولعزیز عەلائەدین، لۆبیکردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، ٢٠٠٧

١٨- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە فەرەنسا، دیپلۆماسی و هێزی سیاسی کوردستانی، ٢٠٢٣، چ١.

١٩-حەمە نوری عومەر کاکی، ٢٠٢٤، کۆچ و تاراوگە ڕەوەندی کورد لە ئەوروپا، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، چ١.

٢٠-نەوزاد عەلی ئەحمەد، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، ٢٠٠٥، سلێمانی

٢١- حوسێن محمد عزیز، شێرکۆ بێکەس یادو بیرەوەری، ٢١٠٣، سلێمانی، چاپخانەی سیما.

٢٢- یاسین سەردەشتی، کوردستانی عێراق لە ڕۆژنامە ئەمریکیەکاندا ١٩٩١- ٢٠٠٥، ٢٠٢٤، سلێمانی

٢٣- عەلی تەتەر نێرویی، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا، ٢٠٢٢، ئێران

٢٤- هیام حاجی ئەحمەد، هەڵوێستێن ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا-فەرەنسا- بەریتانیا ژ سەرهەلدانا باشوورێ کوردستانێ و دەرئەنجامێن وێ، دهۆک، چاپخانەی پارێزگای دهۆک.

٢٥- هیوا مینە مەحمود، هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرامبەر کوردستانی عێراق ئاداری ١٩٩١- ئەیلولی ١٩٩٨، ٢٠١٢، هەولێر.

**ب. بە زمانی عەرەبی**

١-مێهڤان محمد حسين، موقف بريطانيا من القضية الكردية في العراق ١٩٧٥- ١٩٨٠، ٢٠١٨، ط١، مركز زاخو للدراسات الكردية،

**ج. بە زمانی ئینگلیزی**

1-denise helly, diaspora:history of an idea, 2005, newyork, routledge
2-rainer munz and rainer ohilger, diaspora and ethnic migrants, 2003, London.
3-kevin Kenny, diaspora a very short introduction, 2013, oxford
4-loescher gil, refugee movements and international security, 1992, London, brasseys uk.
5- minoo alinia, spaces of diasporas identities experinces of otherness and politics of belonging, 2004, goteborg.

سێیەم: توێژینەوەکان

أ. بە زمانی کوردی

١-عەلی هالۆ، هۆزان سلێمان میرخان، کۆچبەریا قوتابین کورد بۆ ئەڵمانیا ١٩٤٥-١٩٧٥، ٢٠٢٤، گۆڤارا زانستین مرۆڤایەتی یازانکۆ زاخۆ، ژمارە ١٢.

ب. بە زمانی ئینگلیزی

1-Fione B adamson, 2019, non-state authoritarianism and diaspora politics, soas university of London.
2-Fione B adamson 2016, the growing importance of politics, university of London.
3-willam safran, diaspora in modern societies: my ths of homeland and return, 1991, volume1
4-yossi shain and ahron barth, diaspora and international relation theory, 2003, iq foundation, 57
5-lisa anteby yemini and William berthomiere, diaspora: a look back and concept, 2005, open edition journals, volume16.
6-mohammad salih Mustafa, 2021, Kurdish diaspora issues, Eurasian journal of management& social
7-stephan dufoix, the loss and the link: a short history of the long term word, 2015, paris Nanterre university.
8-veysi dag, the politics of cultural production exile, integration and homeland in europes Kurdish diaspora, 2022, diaspora studies, v15
9-suncem kocer, Kurdish cinema a transnational discourse genre: cinematic visibility, cultural, and political a genecy, 2014, middle east studies, volume 46.
10- mari toivenen, reflection on the Kurdish diaspora: an interview with dr. Kendal nezan, 2015, Kurdish studies archive, volume:3

چوارەم: گۆڤارو ڕۆژنامەکان

١-گۆڤاری روناهی، ٢٠٠٠
٢-هەفتەنامەی وڵات، ١٩٩٥، ژمارە٨٥.

٣-گۆڤاری مامۆستای کورد، ١٩٨٩، ژماره ٨.
٤-گۆڤاری بەربانگ، ١٩٩٨
٤-گۆڤاری بەربانگ، ١٩٩٩، ژماره ٢٢٠.
٥- رۆژنامەی میدیا، ١٩٩٥، ژماره ١٠٥١ رۆژی چوارشەممە.
٦- گۆڤاری ڕابوون، ١٩٩٩، ٩٠-٩٤
٧-رۆژنامەی میدیا، ١٩٩٥، ژ ١٠٥١.

**پێنجەم: بەستەرە ئەلکترۆنییەکان**

- https://www.iom.int/diaspora
- ttps://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/diaspora#google_vignette
- https://www.oxfordreference.com
- https://www.dengiamerika.com/a/khalid
- https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=739&Jmare=10894
- https://www.dlawer.info
- https://www.washingtonpost.com/archive/politics
- https://www.institutkurde.org/en/info/the-defence-of-human-rights-1232551791
- https://www.gulanmedia.com/so/story/200471
- https://philpapers.org/rec/ACHSGQ
- https://www.ifkurds.de/en

resources:
First, the documents
1. PDK Encyclopedia, Document No. AK-61, unpublished.
2. PDK Encyclopedia, Document, AK-6
Second, the books
أ . in Kurdish
1- Danar Abubakr, Kurds and Diaspora, Moscow, Cultural Press, ed.
2- Hawramabad Ali Tofiq, Safarek Bo Handaran, 2009, Erbil, Minara Printing House, 1st edition.
3- Hamid Boz Arsalan, Kurdish History, 2023, Tehran. First edition, Jamal Irfan Cultural Institute.
4- Jamshid Haidari, Page of My Memories, 2020, Erbil.
5- Nawzad Ali Ahmad, Kurdish Student Journalism in Europe and America, 1949-1991, 2008, Sulaimani, Tişk Printing House.
6- Nawzad Ali Ahmad, Pshkoyek la Kholamesh, 2018, Sulaimani, Kuro Printing House.
7- Hamid Gawhari, Kurds in the 20th Anniversary of the Federation of Kurdistan Associations, 2010, Erbil, Aras Publishing House.
8- Rafiq Sabir, La Stayshi Zyanda, 2023, Chawarchra, First Edition
9. Sharif Ali, National Movement in South Kurdistan 1961-1982 in Secret British Foreign Office Documents, 2021, Duhok, Encyclopedia of the Kurdistan Democratic Party.
10- Hawkar Mohammed Rashid, Reflection of the situation in South Kurdistan in Kurdistan news publications 1980-1988, 2025, Erbil.
11- Dilêr Ahmad Hamad, History of the Kurdish People's National Liberation Movement in South Kurdistan 1975-1991, 2019, Sulaimani, Karo Printing House.
12- Mariwan Warya Qane. Nationalism and Travel, 2005, Sulaimani, Ranj Printing House.
13- Jamal Nabaz, Days of Exile in Switzerland, 1999, Sulaimani, Galawezh Literary and Enlightenment Center.

14- Jamal Nabaz, Kurdish Union Kazhik, 2015, Sulaimani
15- Jamal Nabaz, Kurdish National Identity and Problems, 2002, London, Kurd Nama Publishing House.
16- David McDowell, Contemporary Kurdish History, 2019, Erbil, Awer Center.
17. Dlawar Abdulaziz Alaaddin, Lobbying for a Stateless Nation,
18. Kurdistan Regional Government Representation in France, Kurdish Diplomacy and Political Thought, 2023, vol.
19- Hama Nuri Omar Kaki, 2024, Kurdish Diaspora in Europe, Sulaimani, Karo Printing House, Vol.
20- Nawzad Ali Ahmad, Writing with ash water, 2005, Sulaimani
21- Hussein Mohammed Aziz, Sherko Bekas Yadu Birwari, 2103, Sulaimani, Sima Printing House.
22- Yasin Sardashti, Iraqi Kurdistan in American Newspapers 1991-2005, 2024, Sulaimani
23. Ali Tatar Nerwayi, Iraqi Government Policy in Kurdistan in the Shadow of Official Documents, 2022, Iran
24- Hyam Haji Ahmad, Positions of the United States, France and Britain on the Uprising in South Kurdistan and its Consequences, Duhok, Duhok Provincial Printing House.
25. Hiwa Mina Mahmoud, Western Attitude towards Iraqi Kurdistan, March 1991-September 1998, 2012, Erbil.
b. in Arabic
1- Mehvan Mohammed Hussein, British Position on the Kurdish Issue in Iraq 1975-1980, 2018, Vol. 1, Zakho Center for Kurdish Studies,
Third, the research
أ . in Kurdish
1- Ali Halo, Hozan Sulaiman Mirkhan, Migration of Kurdish Students to Germany 1945-1975, 2024, Journal of Humanities of Zakho University, No.
Fourth: Magazines and newspapers
1- Ronahi Magazine,
2- Welat Weekly, 1995, No.
3- Kurdish Teacher Magazine, 1989, No.
4- Barbang Magazine,
4- Barbang Magazine, 1999, No.
5. Media Newspaper, 1995, No. 1051, Wednesday.
6- Rabun Magazine, 1999, 90-9
7- Media Newspaper, 1995, No

- https://www.iom.int/diaspora
- ttps://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/diaspora#google_vignette
- https://www.oxfordreference.com
- https://www.dengiamerika.com/a/khalid
- https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=739&Jmare=10894
- https://www.dlawer.info
- https://www.washingtonpost.com/archive/politics
- https://www.institutkurde.org/en/info/the-defence-of-human-rights-1232551791
- https://www.gulanmedia.com/so/story/200471
- https://philpapers.org/rec/ACHSGQ
- https://www.ifkurds.de/en